

سیروان ڕەحیم

# چێژی ئەدەبی و هونەری



؟

ئایا ئێمە چ چێژێکی ئەدەبی و هونەریمان هەس؟

حەزی خوێندنەوەمان چۆنە؟ لە چ ئاستێکدا چێژ لە بەرهەمگەلی هزری وەردەگرین؟

ڕەنگبێ چێژی ئەدەبی ئەندامێک بێت لە جەستەیەکی کولتووری کە پێوەی پێوەستە و ناکرێت لەیەک داببڕێن. گریمان ئەمە وەها بوو، کەواتە تاڵە تیرێژێکی پڕ پرشنگ لێوە دیارە تا دەوروبەری ببینین و حاڵیبوونمان بۆ روون بکاتەوە و تێ بگەین چێژی هونەریی ئێمە لە ئاستێکی نەویدایە. یەکێک لە بەڵگەگەلی گومان هەڵنەگر وا دەکات بەرامبەر بە چێژی ئەدەبی و هونەریی خۆمان رابمێنم و قووڵ بیری لێ بکەمەوە، بابەتی خوێندنەوەیە لە کن ئێمە. یان نا هۆگرییە بەرامبەر بە کتێب و بێ خەمی سەبارەت بە نەبوونی کتێب. هەر لە چوارچێوەی کار و بەرهەمی کولتووریدا بمێنینەوە دەکرێ بگوترێ:

دروست وەکو چێژی خواردن و کولتووری ئاشپەزیی کورد، چێژی ئەدەبی و هونەریی ئێمە لە خوارە. تۆ بڕوانە چونکە کولتووری ئاشپەزیمان لە یەک بازنەی زۆر تەنگدا دەخولێتەوە بۆیە ناتوانین چێژ لە خواردنگەلی جودا وەربگرین. بۆ ناتوانین چێژ لە خواردن، ئەدەبیات و بەرهەمی جودای داهێنەران وەربگرین؟ چونکە بازنەی جوڵەمان تەنگە و لە چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراودا هەڵسوڕاوین و هێشتا هەر لەو رووبەرە بچووکەدا هەڵدەسوڕێین یان راستتر دەخولێینەوە. بەردەوام ئێمە لە ناو خۆماندایین، ناچینە دەرەوەی خۆمان. نامانەوێ گەشتێک بە رووبەرە جیاوازەکان و دنیای ئەوانی تردا بکەین. هێشتا ئێمە فێر نەبووین بەر ماڵی کولتووری خۆمان بە جێ بهێڵین، هێشتا رانەهاتووین بپەڕینەوە بۆ سەرزەمینە جوداکانی کولتووری ئەوانی تر.

بەڵام ئەوانەی دەگەڕێن، ئەوانەی دەفڕن و گۆشەگەلی جیاوازی جیهان تەی دەکەن چێژ لە لایان جۆرێکی ترە، ئەوانەی سەرزەمینگەلی جیاوازی کولتوور و هونەر دەپشکنن لە ئاستێکی تری چێژ وەرگرتنندان. ئەگەر شیاوی بەراورد بێ، دەمەوێ ئەم نموونەیە بەرامبەر بە خوێندنەوە بەرهەڤ بکەم. چونکە ئەوانەی ئێمە بە تاکە زمانێک دەخوێننەوە، چونکە لە ناو ئەو تاکە زمانە بەر تەسک و خاوەی خۆیشماندا شتگەلی سنووردار بەسەر دەکەنەوە، بۆیە چێژی ئەدەبی و هونەریی ناگاتە ئاستێکی جیاواز، ئاستێک گۆشەگەلی زۆر لەیەک جودای ئەدەبیات و هونەریی جیهانی پێ تەماشا کردبێت یان تەماشا بکات.

نازانم ئەم پرسیارەم چەند ژیرانەیە ئەگەر بپرسم:

"ئایا ئێمە تا ئێستا ژمارەی خوێنەرمان چەندن؟"

دیارە خوێنەر لە چوارچێوەی پێناسەی خوێندنەوەدا. چونکە چەندین جار ئەوەمان دووبارە کردووەتەوە و کەسی تریش دووبارەی دەکەنەوە، دووبارەیەک بێ جێ نییە،

بەردەوام بپرسین تیراژی کتێبی ئێمە چەندە؟ گومان هەڵناگرێ خەتاکە هەر هی خوێنەر نییە، چونکە ئێمە نووسەری پڕ ئەفسوونیشمان زۆر کەمن تا خوێنەر سەرقاڵی خوێندنەوە بکەن و بە بەرهەمەکانیان خوێنەر بە خوێندنەوەوە پێوەست بکەن. بەڵام بەرامبەر بەوە جار بە جاریش کە هەندێ بەرهەمی بە ناوبانگی جیهانی دەبینین کراون بە کوردی بێ مەیلی خوێنەر بەرامبەریان حاڵیمان دەکات کێشەکە بە تەنیا کێشەی نووسەر یان نەبوونی نووسەر نییە.

دەنا زۆربەمان دەزانین زۆر لە نووسەرانی ئێمە بێ ئەوەی ئامانجێکیان هەبێت، بێ ئەوەی ئەندێشە و خەیاڵیان هەبێت دەنووسن. شاعیری ئەڵمان یۆهان ڤۆڵفگانگ فۆن گوێتە (١٧٥١-١٨٢٩) دەڵێ:

"هەر کەسێک کە چاوەڕوانی ملیۆنێک خوێنەر نەبێت، دەبێ دێرێک نەنووسێ".

باشە ئەو ژمارەیە نا، بەڵام کام نووسەری کورد چاوەڕوانی چەند هەزارێکە لە خوێنەر؟

خۆزگە وەڵامێکی تەواو "یان نیمچە تەواو"مان لە وەشانخانەکانی کوردستانەوە دەست دەکەوت.

هەرچەندە باسەکان هەموو پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و پێکەوە پێوەستن، بەڵام با بگەڕێینەوە لای چێژ و چێژوەرگرتن. پێم وایە زۆر هۆکار هەن وەهایان کردووە سەرباری کەمیی ژمارەیان، خوێنەری کورد چێژی تەواویش وەرنەگرن لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری. یان هەر چێژ وەرنەگرن یاخۆ بەردەوام نیمچە چێژێک وەربگرن کە تاسەی پێ نەشکێت، کاتێک تاسەی چێژ لە خوێندنەوەدا نەشکا، بەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە و خوێنەر وێڵ دەبێت. نازانم تۆیش پێت وایە یان نا؟ بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی ئێمە وێڵگەن بۆ وێڵکردن و تاراندنی خوێنەر. بە هیوام کەسانێک هەبن ئەم کێشەی ئەدەبی و هونەرییە بە هەند وەربگرن و گفتوگۆیەکی چڕ و پێویست سەبارەت بەو کێشەیە ساز بکەن. چونکە ڕەنگبێ یەکێک لە هۆیە هەرە گرینگەکان کە وای کردووە بازاڕی ئەدەب و هونەریی ئێمە سست و بێ داخوازە چێژە، ئەو دەمەی مرۆڤ چێژ لە کەرەستەکان نەبینێت ناکرێ داوای هەڵگرتن و هۆگریی بەرامبەر بەو کەرەستانە لێ بکرێت.

دەبێ چێژیش وەکو زۆر شتی ترمان دەرکەینە دەرەوە، بیگەڕێنین، وای لێ بکەین بە رووبەرەکانی تر ئاشنا بێت. نیشتمانێک سالانە دەیان ڕۆمانی تێدا چاپ نەکرێت، «دەخوازی سەدان کاری کردن نییە لە ئێستادا و دەبێت بە خەیاڵێکی پووچ» ئاوەدانییەک

کۆنسێرتی موزیک، شانۆ، سەمای بە بەرنامەی بەردەوام تێدا پێشکێش نەکرێت، پێشانگای شێوەکاری لە ئاستی نەبووندا بێت. ئۆپێرا خەون بێت، و زۆر چالاکی تری هونەری و ئەدەبیی گرینگ تا ئێستا سەریان لێ نەدابێت، ئیتر چۆن بەرهەمەکانی خۆی با کەمیش بن دەخوێندرێنەوە، چۆن بەرهەمگەلی ئەدەبی و هونەری دەبیندرێن و چێژیان لێ وەردەگیرێت. زۆربەی خوێنەری ئێمە کاتێک ئاشنای ئەو شتانە نییە، بە چ رامانێکەوە، لە کام کەشدا ئەم بەیتانەی نالی دەخوێنێتەوە:

**جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقی وەرە ئەمشەب**
**هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەبالەب**

"دیوانی نالی ل ١٣٣"

**هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو**
**حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت**

"دیوانی نالی ل ١٣٣"

**دەورانییە، وەک هێلەکی سەودا، سەری گێژم**
**بۆیە بە دەقیقی مەثەلە هەرچی دەبێژم**

"دیوانی نالی ل ١٣٣"

یان ئەم بەیتانەی مەحوی:

**زوبانی واعیضی بێ دڵ درێژە دەرهەق ئەهلی دڵ**
**بە جێشە، غەیری ئەو مل پانە کێ بێ هەڵگرێ ئۆباڵ**
**کە رێی ئەو شاهە کەوتە ئەم مەقامە، جێ بە جێ هەستا**
**وتی: ئەم ذاتە ساحێب حاڵە، حەیفێ کەوتووە بێ حاڵ**

"دیوانی مەحوی ل ٢٠٢"

یان با بێینە لای زمانە نوژەنەکەی گۆران، بابزانین چەند چێژی سڕبوومان لەبەر ئەم تیرێژی هەستانەدا گەرم دەبنەوە:

"پەنای هیوا و خەوبینینم" دیوانی گۆران ل ٢٩

یاخۆ ئەم رۆژانە پایزە و بە باخە رووتەکانی شاری کۆڵندا تێپەڕ دەبم و گۆران دێتەوە ناو هزر و گۆران هەستی حەزی گرمۆڵەی بەر سەرما دەخاتەوە بزاڤ و گەرم دادێم:

"پایزە، گەڵای دار رژاوە، باغ رووتە" دیوانی گۆران ل ١٧

ئایا بە راستی خوێنەری ئێمە چێژ لەو بەرهەمانە وەردەگرێت؟ ئەگەر چێژی لێ وەردەگرێت لە چ ئاستێکدا؟

یان ژمارەی ئەو خوێنەرانە چەندن دەزانن ئەم بەرهەمانە سەرباری گرینگی ئەدەبی و هونەرییان چێژبەخشن و دەروون پڕ دەکەن لە شادمانی؟

دیارە دەبێ ئەوە لە بیر نەکەم کە ئەمە بروای خۆمە، لە لای ئێمە کێشەکە هەر لە کن خوێنەر قەتیس نەبووە، کێشەی چێژ وەرنەگرتن و رێزنەگرتنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری. بەشێکی زۆر لە نووسەران و هونەرکارانی ئێمە نە رێز دەگرن و نە چێژ وەردەگرن. رێز و چێژ چین کاتێک زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانە بێ مەیلن بەرامبەر بە باشترین کتێبی ئێمە، باشترین نمایشی شانۆییمان و... هتد؟

بەردەوامیش بیانوویان هەیە بۆ ئامادەنەبوون و ئاشنا نەبوون بەو بەرهەمانە. یان رەخنەیان هەیە، بەڵام رەخنەی بێ بنەما. لە رووبەری کولتووری ئێمەدا هەمووان دەتوانن رەخنەیان هەبێت، بەڵام لە خۆیان نا، نەخێر هەرگیز، تەنیا لەوانی تر. ویلیام سۆمێرست ماوگام (نووسەر، درامانووسی ئینگلیزی ١٨٧٤-١٩٦٥) گوتوویەتی:

"هەموو کەس پێی وایە دەتوانێ کتێب رەخنە بکات، تەنیا لەبەرئەوەی نووسین و خوێندنەوە فێربووە".

زۆربەی قەڵەم بەدەست، هونەرمەند و خوێنەری ئێمە باوەڕ ناکەم بتوانن چێژ لە بەرهەمی نایابی هونەری وەربگرن و هۆگری بن، یان ببن بە هاوڕێی گیانی بە گیانی لە تەک ئەو بەرهەمگەلەدا. بەردەوام لە وڵات هەستێکی خەمگین دام دەگرێت، کاتێک دەبینم ئەو ژمارە زۆرەی مرۆڤ خەمی خاوێنی وڵاتیان هەرگیز بەلاوە گرینگ نییە. ژمارەی مرۆڤی نا خاوێن کەم نین. کاتێک ئەو کەسانە دەبینم ئامێزی نیشتمان و سروشتی پاکی وڵاتیان کردووە بە زبڵدانێکی گەورە، بەردەوام دەگەڕێمەوە لای بابەتەکەی خۆم، بابەتی چێژ وەرگرتنی ئەدەبی و هونەری و دەپرسم:

دەکرێ ئەو خەڵکەی وڵات دەکات بە سەرەنوێڵک بتوانێ بەهای بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی نایاب بزانێ؟ بەردەوام پرسەکە لەخۆمدا دەمێنێتەوە و لە هەناومدا دەنگ دەداتەوە.

کۆڵن ٢٠٠٩/١١/٦